ئەگەر گوێ بیستی بانگ بێژ بون ئەوا ئەوە بڵێن کە ئەو دەیڵێت پاشان سەڵاتم لەسەر بدەن

لە عبداللە کوڕی عەمرو -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بووە کە دەیفەرموو: «ئەگەر گوێ بیستی بانگ بێژ بون ئەوا ئەوە بڵێن کە ئەو دەیڵێت پاشان سەڵاتم لەسەر بدەن، هەرکەسێک سەڵاتێک لەسەر من بدات ئەوا خوای گەورە بەهۆیەوە دە سەڵاتی لەسەر دەدات، پاشان داوا لە خوای گەورە بکەن وەسیلەت -ببەخشێت- بە من، چونکە ئەوە پلەیەکە لە بەهەشتدا، تەنها بۆ یەک بەندەیە لە بەندەکانی اللە، وهیوام ئەوەیە ئەو کەسە من بم، هەرکەسێک داوای وەسیلەتم بۆ بکات ئەوا شەفاعەتی من بۆ ئەو کەسە واجب دەبێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنموێنی کردووە بۆ ئەوەی هەرکەسێك گوێی لە بانگبێژ بێت لەکاتی بانگدان ئەوا پێوپستە لەپاش ئەو ؛ ڕستەکانی بانگەکە دووبارە بکاتەوە، جگە لە (حي على الصلاة ، حي على الفلاح) نەبێت ؛ بیسەر دەڵێت: (لا حول ولا قوة إلا بالله) واتە: (هیچ ڕێگایەکمان نییە بۆ دەربازبوون لەڕێگریەکانی پەرستشەکان وهیچ هێز وتوانایەکمان نییە لەسەر کردنی هەرشتێك مەگەر بە یارمەتیدانی خوای گەورە نەبێت)، دواتر سەڵات دەدات لەسەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پاش تەواوبوونی بانگەکە، هەرکەسێك یەك سەڵات بدات لەسەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ؛ خوای گەورە دە سەڵاتی لەسەر دەدات، ومانای سەڵاتی خوای گەورە لەسەر بەندە ئەوەیە: خوای گەورە ستایشی دەکات لەلای فریشتەکان. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکرد بە نزاکردن بۆئەوەی پەروەردگار وەسیلەت بە ئەو ببەخشێت ، ئەمیش بەرزترین پلەیە لە بەهەشتدا، تەنها بۆ یەك بەندە دەبێت لەنێو هەموو بەندەکانی اللە -سبحانه وتعالى-، وهیوای خواست بۆ ئەو بێت، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سادە وبێ فیز بوو بۆیە وای فەرموو ؛ چونکە ئەگەر ئەو پلە بەرزە بۆ یەك کەس بێت ئەوا تەنها بۆ ئەوە -صلى الله عليه وسلم-، لەبەرئەوەی ئەو چاکترین خولّقێنراوی خودایە. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیکردەوە کە هەرکەسێك نزای وەسیلەت بکات بۆ ئەو ؛ ئەوا شەفاعەت کردنی بۆ ئەو کەسە واجب دەبێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65087